# ئیسلام ئایینی ئاشتی یان ڕێنمایی تیرۆر؟ وەڵامێک بۆ وڕێنەکانی سوار سەلیم-ی نەوەی ئەبو جەهلو ئەبو هورێرە! ... بەشی شانزەهەم ... پێشەوا کەرکوکی

## ڕەفتاری ئیسلامییەکان مایەی شەرمەزارییە بۆ مرۆڤایەتی:

ئاخر ئێوەی ئیسلام، ئەوەندەی تر سیمای ئایینەکەی محەمەدتان تەڵخترو قێزەونتر کردووە. پێم ناڵێن لەکام پەرلەمانی جیهانیدا، لەکام وڵاتی عارەبیو ئیسلامیدا، جگە لە پەرلەمانە (نەدیو بدییەکەی) ئێراق، کارەکانی پەرلەمان بەچەند ئایەتێکی قورئان دەست پێدەکات؟ بەڵگە نەویستە کە ئیسلامییەکان بەشیعەو سوننەو یەکگرتوو زۆرینەن لە پەرلەماندا. لەدەنگدانێکی ئەو پەرلەمانەدا لە 20.6.2006دا لەکۆی (146) ئەندامی ئامادە بوو (111) ئەندام دەنگیان بۆ ئەوەداو کردیان بەبڕیارێک کە بەر لەدەست پێکردنی بەرنامەی کارەکانی پەرلەمان، قورئان بخوێندرێت. ئەو کارەی ئیسلامییەکانی ناو پەرلەمانی ئێراق، ئەو پەندە کوردییەم بەبیر دێنێتەوە کە دەڵێت: (مالێک هەبوونە نەدیو بدی، کوڕێکیان بووە کێروو گونیان بڕی).

عەلی باپیری تیرۆریست دەڵێت: (بەرهەڵستی ئەبو موسعەب بەڕەوا دەزانم، لەلایەک پێم ناخۆشبوو کوژرا، چونکە ئەمەریکا موسڵمانێکی کوشت).(1). باشە کەسێک کە کارە تیرۆرییەکانی زەرقاوییەکان بەڕەوا بزانێت بۆ تیرۆریست نییەو، لەجیاتی جارێک سەدانجار شایەنی ئەوە نییە کە جۆڕکی بکرێتە سەرو بخرێتە تەک سەددامو عەلی کیمیاوی لەزینداندا؟

ڕێکخراوی یەکگرتووی تیرۆریستی ئیسلامی، لەبەیاننامەیەکی خۆیاندا گوایە لەدژی ئەنسارول ئیسلامدا لەدوای هەڵتەکاندنو شێواندنی مەزاری شێخانی نەقشبەندی، ناوی بەکرێگیراوانی ئەنسارول ئیسلامیان بە برایانی ئەنساورلئیسلام ناوبردووە.(2). دیارە یەکگرتووی ئیسلامی، بەهەموو کارەکانی ئەنسارول ئیسلام ڕازییەو لەدڵەوە دەستخۆشییان لێدەکەن، بۆیە بەبرا ناویان دەبەن! ئەگینا ئەوکارە قێزەونانەی کە ئەو بەکرێگیراوانە ئەنجامیان دەداو ئێستاش ئەنجامی دەدەن، چۆن دەکرێت مرۆڤ خۆیانی لێ بێدەنگ بکات؟ هەروەها یەکگرتوو، لەدوای بەستنی کۆنفرانسی کلێسای کریستانی کوردزمان لە کوردستان، بەتەواوی بەڵانسی تێکچووەو لەبەیاننامەیەکیاندا کە لە 20.4.2005دا دەریان کردووە، هاتووە: (لەم دواییەدا چەند چالاکییەکی مژدەدەریو دابەشکردنی ئینجیلو بەستنی کۆنفرانسی بەکریستان کردنی هەست بریندارکردن لەدژی ئایینی ئیسلامی بەناوی ئایینی کریستانەوە سەریهەڵداوە). ئەی باشە کوا (لا إكراه في دين)ی ئایینی بێ کەمو کوڕی محەمەدییەکان؟ کوا (لكم دينكم ولي دين)ی خوایە دادپەروەرەکەتان؟ ئەی کوا (إنما المؤمنين اخوة)ی ئەللا بەزەییو میهرەبانەکەتان؟

## کێشـــــەی ســـــەرۆ قــــــادر:

ماڵپەڕی "پەیامنێر"، لەڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 5.7.2006دا نووسیویێتی: (دوای ئەوەی سەلاحەدین بەهادین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان داواکارییەکی دژ بە سەرۆ قادر بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دادگا تۆمار کرد، لەسەر ئەوەی سەرۆ قادر لە بەرنامەی چاوی سێیەم لە تەلەفزیۆنی کوردسات گوتوویەتی: شێوازو ڕێبازی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو توندوتیژی بڵاو دەکاتەوە کە ئەمەشیان دەبێتە سەرچاوەیەکی دیکە بۆ تیرۆر. سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ئاژانسی پەیامنێری ڕاگەیاند کە ئەمڕۆ (چوار شەممە) یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە ڕەسمی داواکەی خۆی لەسەر بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەدادگا کێشایەوەو وازیان لەبەدواداچوون هێنا). بەڵام ڕۆژی پێشوو، واتە لە 4.7.2006دا پەیامنێر نووسیویێتی: (سەرچاوەیەک لەمەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن بە (پەیامنێری) ڕاگەیاند کەوا لەو ماوەیەدا سەرۆ

قادر خەریکی ئامادەکردنی بەڵگەنامەکانی بووە بۆ دادگاو بەڵگەنامەی بەهێزی هەیە بۆ چەسپاندنی قسەکانی خۆی، کە لەوانەیە داواکارییەکە بە پێچەوانە هەڵبگەڕێتەوەو دەزگای ڕاگەیاندنی یەکگرتوو بە هەموو کەناڵەکانییەوە تووشی تەنگژەیەکی یاسایی بکات. لە لایەکی دیکەوە هەندێک سەرچاوە دەڵێن: سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بە دوای دەرگایەکدا دەگەڕێن، کە پاشگەزی لە داواکەیان بکەن، چونکە ئەوان دەزانن فایلی سەرۆ قادر یەکێک لە مادەکانی کوژرانی (شاپورو قابیل)ە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی هەبووە). هەروەها سەرۆ قادر دەڵێت: (دووپاتی دەکەمەوەو سوورم لەسەر ئەوەی کە ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی توندوتیژی بەرهەم دێنێتو توندوتیژیش تیرۆری لێ دروست دەبێت).(3). هەروەها سەرۆ قادر پێی وایە کە هێشتا هەموو شتێک کۆتایی پێ نەهاتووە. ئەوە لێرەدا دەردەکەوێت کە یەکگرتوو ڕێکخراوێکی ئیسلامی تیرۆریستەو (شاپورو قابیل)یان شەهید کردووەو تیزابیان بەقاچو جەستەی چەندین ژنو کچدا کردووە! یەکگرتوو ئەگەر دڵنیا نەبووایە لەوەی کە زەرەر دەکات، هەرگیز داواکارییەکەی خۆی لەسەر سەرۆ قادر لەدادگا نەدەکێشایەوە!

## هەڵخەڵەتاندنی کچان لەلایەن ئیسلامییەکان:

عەلی چنگیانی، لە نامیلکەی (لەحوجرەی فەقێکانی مزگەوتی محەمەدیە لە هەولێر حاجی مەلا سەید ئەحمەدی ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی (کاکە سور)ی خۆی کرد بەناو (دادە سور)ی (چیمەن) داو میحرابی خەڵتانی خوێن کرد!!)دا باسی حاجی مەلا سەید ئەحمەد عەبدولوەهاب بەرزنجی دەکات، کە یەکێکە لە ئەندامانی سەرکردایەتیو لێپرسراوی مەکتەبی (قضاة)ی یەکگرتووی ئیسلامیو، یەکێک لەو کچانەی کە بۆ خوێندنی وانەی ئاینی هاتۆتە ئەو مزگەوتی محەمەدییە، دەکاتە ژنو دوای ئەوەی (مەلا ئەحمەد مەلا ساڵح شارەزووری – ئاراس)، باسی ئەو بابەتەی لەگەڵ دەکات، سەید ئەحمەد سوێند دەخوات کە وانییەو ئەو کچە بە سۆزانیو بەدڕەوشتو درۆزن ناودەباتو گوایە وەختی خۆی کورێکی عارەب خراپی کردووەو (چیمەن)، دەیەوێت ئێستا خۆی بەسەر ئەودا ساغ بکاتەوە! کەچی دوای ئەوەی ( ئاراس)، چەند نامەیەکی بەدەستنووسی خۆی کە بۆ کچەی ناردووە نیشاندەدات، بەگریانەوە دەڵێت: (فائیدەی خێزانم ڕازی نابێت کە من ئەم ئافرەتە بێنمە سەر ماڵو خۆیشی چاک ئەزانێ کە من ئەو ئافرەتەم مارەکردووە). دوای ئەوەی مەلا ئاراس، هەر (9) نامەکەی کە کاتی خۆی مەلا سەید ئەحمەد بۆ (چیمەن)ی ناردووە، دەداتەوە دەست سەید ئەحمەد بەو مەرجەی کە چیمەن بخوازێو بیگوازێتەوە، ئەویش بەڵێن دەدات کە ئەو کارە دەکات، کەچی دوای وەرگرتنەوەی نامەکان نەک هەر بەڵێنەکەی خۆی ناگەیەنێتە جێ، بەڵکو پروپاگەندەی ئەوەی بۆ دەکات کە ئەو ئافرەتە خراپو بەرەڵڵایەو بەیانی تا ئێوارە بەدوای کاری خراپدا دەگەڕێت. ئەو مەلا ئیسلامییە لەیەکێک لەنامەکانیدا بۆ (چیمەن) خان نووسیویەتی: (چیمەن گیان ئەو ڕۆژەی لە حوجرەی فەقێکان من بەس (سەریم) پیادا هێناو هەموویم نەبردووە، بچۆ بۆ عەیادە بەڵکو عادە بووبیت.

## مـــــەلا کرێکـــــــاری تیرۆریســـــــت:

مەلا کرێکاری تیرۆریست، بۆ ئاوێنە بەمشێوەیە دەدوێت: (بەرهەڵستکاران بیلبیلەی چاوی منن. تائێستا ئوسامەی کوڕی لادن بەتاجی سەری نەتەوەی ئیسلامی دەزانمو، ئێستا لام گەورەترە. سەد ئافەرین بۆ هەڵنەستانەوەی عەلی باپیر، لەناو پەرلەماندا، چونکە هەستانەوە بۆ شەهیدان بیدعەیە (هەر شتێک دوای هاتنە خوارەوەو تەواو بوونی بەناو ئاینی ئیسلام پەیدا بووبێو لەگەڵ ڕێبازی ئیسلامدا نەگونجێ، پێی دەگووترێت بیدعە)، بۆ ئاڵا بیدعەترە، بۆ ئەی ڕەقیب کوفرە. ئەوەندەی من دەربارەی شێخ زانا بزانم، پیاوێکی ئایینداروو موسڵمانە، هەموو ئەو شانۆگەرییە ناسرییەی پارتی هەڵوێستی شەرعناسیمان ناگۆڕێت. ئەگەر هەرچی کەسوکارم هەیە لەبەرچاوم سەرببڕن سازش لەبڕگەیەکی ئەو ئیسلامە ناکەم کە قیامەتی خۆمی پێوە بەندە).(4). مەلا کرێکاری گەورە تیرۆریست، دیسان باسی ئەوە دەکات کە: (زەرقاوی بەشەهیدو شۆڕەسواری ئیسلام ناودەباتو، سەربەرزە بەبوونی، بەدەست وەشاندنی،

بەشەهید بوونی. هەروەها ئامادە نییە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، چونکە پێی وایە کوردستان بۆتە (دار ئەلکوفر)و لەوێ بوایە کۆچکردن لەسەری پێویست بوو، هەروەها ڕۆحی خۆی دەکاتە قوربانی سەرکردەی تیرۆریستانی جیهان، ئوسامەی کوڕی لادنو بەداخە بۆ ئەوەی کەشەرەفی ئەوەی بەر نەکەوتووە ببێتە خزمەتکارو پاسەوانی دکتۆر عەبدوڵڵا عەزامی تیرۆریست).(5). مەلا کرێکاری تیرۆریست پێی وایە خەڵکەکەش وەکو ئەو لەگوێی گادا نووستووە! ئەی ئەوە سازش نەبو، کاتێ کەزانی لێدانو دەرپەڕاندنیان لە تەویڵەو بیارە نزیک بۆتەوە، باڵی تەیرەن ئەبابەیلەی گرتو مێگەڵە بزنەکەی(کە خۆی بەبزن ناویان دەبات) بەبێ شوان لەو شاخانە جێهێشت؟ ئەی ئەوە سازش نییە، لەکاتێکدا کە کوردستان بە (دار ئەلکوفر) دەزانیو نایەوێت جارێکی تر بگەڕێیتەوە ئەوێ، کەچی هاتووە لەناو کافرو عەلمانییان لە نەرویج لێی پاڵکەوتووەو کچی جوانیش بەئامێزیانەوە بەرزی دەکەنەوە؟ لەگەڵ ئەوەدام مەلا کرێکارو هاوشێوەو هاوباوەڕەکانی هەرگیزاو هەرگیز جارێکی تر نەگەڕێنەوە بۆ کوردستانو، تەواوی ئیسلامییە سیاسییە تیرۆریستەکان کۆچ بکەن لەکوردستانو، جا باقسەی ئەو بێتو کۆچکردن لەسەریان پێویست بێتو کوردستان بووبێتە (دارول کفر)! ئەی ئەوە سازش نییە، کاتێک کەترسی ئەوەی لێنیشتووە رادەستی ئێراقی بکەنەوەو هیچ شوێنێکی تری بەدەستەوە نەما، بیر لەوە دەکاتەوە کەپەنا بۆ دکتاتۆرێکی وەکو کاسترۆی بەناو کۆمینیستو مارکسی بەریت؟ ئێ خۆ کاسترۆش کافرە! باشە ئەم هەموو پیاهەڵدانو پشتگیریکردنەی ئەو بەکرێگیراوە لەتیرۆرو گەورە تیرۆریستانی وەکو کوڕی لادنو زەرقاوی، دەریناخات کە ئەویش تیرۆریستە؟ لەهەموو شت ئابڕوو بەرانەتر ئەوەیە کە کرێکار، ئەو شێخ زانایەی کە (ئایینێکی هێنا پێشی تێهاویشتو دوای لەسەر دانا)(6)، بە پیاوێکی هەروەکو خۆی ئاییندارو موسڵمان دەزانێ!

## لە پرۆسەیەکی مارە بەجاشدا مشکێک دەبێتە خاوەنی ژنێک:

هەفتەنامەی "باران" کە تایبەتە بەکێشەو کاروباری ژنان، لە لاپەڕە 1ی ژمارە 18ی شەممە 28.5.2005دا، (دڵزار حەسەن)، وتارێکی نووسیوەو تیایدا هاتووە: (مەلایەک لەشاری هەولێر لەپرۆسەیەکی مارە بەجاشدا ژنە تەڵاقدراوێک لەمشکێک مارە دەکاتو ئینجا مشکەکە دەکوژنو دواجار لەپیاوەکەی پێشووی خۆی مارەی دەکەنەوە). پێم ناڵێی، چۆن شەرم داتان ناگرێت، کاتێک کە دەڵێن ئایینی ئیسلام باشترین ئایینەو هیچ کەمو کوڕییەکی تیا نییە؟ پێتان وایە ئیسلام بەوە لەئایینەکانی تر باشترە کە ڕێگەی ئەوە دەدات پیاوانی ئایینی تەنانەت ژنان لەمشکیش مارە بکەن؟ ئایا ئەو مەلایە بەگوێرەی چ سورەتێک ئەو ژنەی لەو مشکەیە مارەکرد؟ بەگوێرەی سورەتی مشک؟ چما سورەتی مشکیش هەیە؟ ئەی کە سورەتی چێرو وشترو فیلو مێرولەو جالجالۆکەو دووکەر هەبێت، بۆ سورەتی مشکو پشیلەش نەبێت؟

## هـــــەولێر پایتەختی مزگـــــــــەوتو شمشێر:

کوردتایمس 16.4.2006دا نووسیوێتی: (پرۆفیسۆر لازاریف لە هەولێر: ئەمە سێیەم جارە سەردانی کوردستان دەکەم، دەبینم تەنیا مزگەوت زیاد دەکات).. هەروەها کوردتایمس قسەکانی لازاریف شرۆڤە دەکاتو دەڵێت: (لازارییێف دەڵێت کورد بە مزگەوتو بە شاڵوشەپکو بە مێزەری عەقڵ بەست، سووربێ یان زەرد یان سەوز پێشناکەوێو دنیای هاوچەرخ عەقڵی هاوچەرخو شێوەو ناوەڕۆکی هاوچەرخی دەوێو، کورد دەبێ بزانێ دنیای تیژڕەوی پێشکەوتن لە گەمژەخانەکانی ئیسلامی عەرەبی 1400 ساڵەی پێش ئێستادا دروست نەبووەو، خەریککردنو خلافاندنی لاوانی کورد بەو قسە پڕوپووچانەی ئەوسای عآرەبی جەزیرەی عآرەبەوە، کە کابرایەکی نەخوێندەوارو بەدڕەوشتو دڕەندەی وەک محەمەدی هەتیوە عارەبو قورئانە پڕوپووچو بۆگەنەکەی بڵاویدەکەنەوە، ئەوە گەورەترین زیان بە ئێستاو دوارۆژی کورد دەگەیەنێتو جۆرە ئەنفالێکی دیکەی کوردە). لەم دواییەشدا چەند باندێکی تیرۆریستی ئیسلامی لە کوردستانداو لەنێویاندا کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامیو بزووتنەوەی ئیسلامی لەخۆنیشاندانێکدا لەشاری هەولێر، پشتیوانی خۆیان بۆ حزبۆکە ترسنۆکەکەی خوا لە لوبنانو تیرۆریستەکانی حەماس

دەربڕی. پێدەچێت ئەم پشتیوانییەی ئەم باندە ئیسلامییە تیرۆریستانەی هەولێر، لەپاداشتی پشتیوانی کردنی حزبۆکەکەی خوا لە لوبنانو حەماسی تیرۆریستی فەلەستینی لە رژێمی سەددامی شۆڤینیو بەعسی رەفتار فاشی بووبێت؟ یان لەپاداشتی تاوانبارکردنی کوردو کوردستانییەکان بەنۆکەرو بەکرێگیراوی ئەمەریکاو ئیسرائیل بێت، لەلایەن ئەم دوو باندە تیرۆریستە ئیسلامییە شۆڤینیو رەگەزپەرستانە کە تا سەر ئێسقان دژ بەکوردن؟ دەشکرێت ئەم پشتیوانییەی باندە تیرۆریستەکانی کۆمەڵ، یەککرتوو و بزووتنەوە، لەبەر بێدەنگیو بێهەڵوێستی ئەو دوو باندە تیرۆریستییە عارەبییە ئیمپریالییەو تەواوی حکومەتانی عەرەبی بووبێت، لەهەمبەر گشت ئەو ستەمو زوڵمانای کە عارەبە زایۆنییەکان لە کوردو کوردستانیان کردووە؟ ئەگەرنا دەبێت لەپاداشتی چی بێت؟ خۆ نە ئەو دوو باندە ئیسلامییەو نە پارتێکی لوبنانیو فەلەستینی، هەروەها نەحکومەتو سەرکردایەتی سیاسی هیچیان رۆژێک لەرۆژان، نەپشتیوانیان لە کورد کردووە، نە نارەزاییشیان لەدژی حکومەتی ئێراق، سوریا، ئێران یان تورکیا دەربریوە، سەبارەت بەهەوڵی لەناوبردنو تواندنەوەی نەتەوەی کوردو سڕینەوەی خاکی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە داگیرکەرە ئیسلامییانەوە، بەڵکو هەردەم پشتیوانی سەددامو حکومەتی بەعسیان کردووە لەدژی نەتەوەی کوردی باشووری کوردستان!!! گومان لەوەدا نییە کە وابەستەیی کوێرانەی ئەو باندە ئیسلامییانەی کوردستان بە ئیسلامو عارەبەوە، نۆکەرێتیو کرێگرتەیی ئەوان بۆ عارەبو ئیسلام دەسەلمێنێو هەروەها نەک دوویات، بەڵکو دەپاتیشی دەکاتەوە کە ئەو ئیسلامییانە هیچیان بۆ کوردو کوردستان پێ نییە، جگە لەزەرەرو زیان گەیاندن بەدۆزی رەوای کوردو کوردستان!

(1). هاوڵاتی، ژمارە (278)، چوارشەممە 14.6.2006، ل6.
(2). میدیا، ژمارە (245) سێشەممە 20.6.2006، ل9.
(3). هەولێرپۆست، ژمارە (63)، چوارشەممە 12.7.2006. ل4.
(4). ئاوێنە، ژمارە (10) سێشەممە 14.3.2006. ل3.
(5). ئاوێنە، ژمارە (24) سێشەممە 20.6.2006، ل3.
(6). هۆنراوەی عەبدێکی رووڕەش.